# ئەوە نەبویت

حەمید عەبدوڵڵا/دانمارک
hamed.abdulla@mail.dk

واتێمەگە کە تێناگەم
بەری دەستیش دەخوێنمەوە
دڵنیابە کە نەزانی
وەک تۆ نەچۆتە خوێنمەوە

هەوری تۆ دوکەڵی درۆیە
بەس ڕەشاوی لێدەچۆڕێ
زمانی ئەدەب ڕاستگۆ نەبێ
وەک هەڵوێستی تۆ دەدۆڕێ

ئیتر ڕۆیی ، ناخەڵەتێین
بە ڕیاکری و چاپلوسی
میللەت هەمووی پێشمەرگەیە
پولێ ناهێنێ چاسوسی

من لە ماتماتیکا کۆڵنیم
وشیارە قەڵەمی بەندە
درۆی گەورەی ئەم سەردەمە
ئەزانم چەندی بەچەندە

بەرد نەگریە ماڵی خەڵکی
ماڵی خۆشت لە شوشەیە
ئەوەی بەشێریان ئەزانی
ئەوەتا بوکەشوشەیە

**دنیات کردبوو بەخەتی سور**
**بـۆ خـەتـابـار و بێـخـەتـا**
**هـاوڕێ ئاگات لەپێش خۆتە**
**جەنابیشت پـێـت لەخـەتە**

**هەستناکەی هەموو ڕابردوت**
**بەکەلـەبچـەو کــۆتـەوەیـە**
**ئـەو تفـەی کـە هەڵـتـئـەدا**
**ئێســـتا بەڕوی خۆتەوەیـە**

**دەستی ڕیسوایی و دوڕویی**
**لـەســەر ورگـی تـێـروپـڕە**
**هێز و شـان و بـازوی دەوێ**
**چونە ناو ئەو گێرەی قـوڕە**